# نمونەی مونافیق ودووڕو وەکو نمونەی مەڕێکی ڕاڕا وایە دێت ودەڕوات لە نێوان دوو ڕاندا، جارێک دێت بۆ لای ئەم -کۆمەڵە -پەزە-، وجارێکی تر دێت بۆ لای -ئەم کۆمەڵە پەزە

لە ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «نمونەی مونافیق ودووڕو وەکو نمونەی مەڕێکی ڕاڕا وایە دێت ودەڕوات لە نێوان دوو ڕاندا، جارێک دێت بۆ لای ئەم -کۆمەڵە -پەزە-، وجارێکی تر دێت بۆ لای -ئەم کۆمەڵە پەزە-».
[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- حاڵی مونافیق ڕوونده‌کاته‌وه‌ کە وەکو مەڕی دوودڵ وایە نازانێت شوێنی چ کۆمەڵە ڕانێک بکەوێت، جارێک لای ئەم کۆمەڵەیە وجارێکی تر لەلای ئەوانی ترە، ئەوان تیاماون لەنێوان ئیمان وکوفر، ئەوان نە لەگەڵ ئیماندارانن لە ئاشکرا ونهێنی، و نە لەگەڵ کافرەکانن لە ئاشکرا ونهێنی، بەڵکو لەئاشکرادا لەگەڵ ئیماندارانن، بەڵام لەناخەوە تووشی گومان ودوودڵی هاتوون، بۆیە جارێک مەیلیان بەلای ئەمانە، وجارێکی تر مەیلیان بەلای ئەوانە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65019